"مــــــــاوەی ل ١٠"

بیست و پێنج ساڵدا بدا بە خەڵکی باشووری کوردستان وەک بژاردنەوەیەک بۆ ئەو وێرانکارییەی کە دەوڵەتی عێراقی عەرەب لەماوەی هەشتا ساڵدا لە باشووری کوردستاندا کردوویەتی. ئەم پێشنیازەم دە ساڵێک لەمەوبەر، لەڕێی هەڤپەیڤینێک لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بڵاوکرایەوە. دیارە ئەم بۆ بژاردنەوەیە، دەبێ شان بە شانی داننانی حکوومەتی عێراقدا بێ، بەوەی دەوڵەتی عێراقی عەرەب گەلکوژیی لە کورد کردووە، ئامادەیە سزادان بگرێتە خۆی بەرامبەر ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد. سزادانەکەش دەبێ لەڕێی دادگەیەکی نێونەتەوەییەوە بێ.

٦ – دەبێ لە دەستووردا، بە گەرەنتیی ئەمریکا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەرەنتی ئەوە هەبێ، ئەگەر دەستوور گۆڕدرا، ئەو برگانەی پێوەندییان بە سنووری باشووری کوردستان و، مافی جیابوونەوەی کوردستان و، سیستەمی سێکۆلارەوەیە، دەستیان لێنەدرێ و وەک خۆیان بمێننەوە. خۆ ئەگەر دەستیانلێدرا، ئەوا کورد مافی دەستبەجێ جیابوونەوەی لە عێراق هەبێ.

٧ – دەبێ کورد داوا لە مەلا سیستانی بکەن، کە بە نووسین و ئیمزای خۆی و، بێ پێچ و پەنا بیروڕای خۆی دەربڕێ بەرامبەر سنووری باشووری کوردستان و، کێشەی بەعەرەبکردنی کوردستان و، لەنێو ئەوەشدا، گێڕانەوەی هەموو عەرەبە هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان و، یەکگرتنی خەڵکی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە و، مافی جیابوونەوەی باشووری کوردستان وەک لە سەرەوە باسکرا. هەروەها دەبێ بە ئیمزای خۆی، دان بەوەدا بنێ کە دژی حکوومەتێکی ئیسلامییە لە عێراقدا. خۆ ئەگەر ئەوەی نەکرد، ئەوا هەموو ڕێککەوتنێکی کورد لە گەڵ شیعەکان، دەبێتە مایەپووچی بۆ کورد. چۆنکە شیعە مەرجەعییەکان، بە مێشکی خۆیان بیرناکەنەوە، بەڵکو مەلاسیستانی بیردەکاتەوە بۆیان و، ئەوانیش دوای وی دەکەون. خۆ ئەگەر کورد ڕازینەبوو حکوومەت درووستبکا لە گەڵیان، ئەوا ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ شیعەکان یەکیانگرتووە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لێیان جیادەبنەوە، بەوە بەرەی شیعە پارچەپارچە دەبێ و، ئەودەم ناچار دەبن لە بێهێزیی خۆیان ملبدەن بۆ داننان بەو مافانەی کورددا، کە ئێستە دانییپێدا نانێن. کورد نابێ پەلە بکەن لە دامەزراندنی حکوومەتی عێراقدا. مەلا سیستانی شەووڕۆژ کەوتووەتە پەلە بۆ دامەزراندنی حکوومەت.

٨ – پارتی و یەکێتی، دەبێ لەوە بگەن، کە ئیدی کاتی ئەوە نەماوە، پتر چاوشارکێ لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستاندا بکەن، چۆنکە هەموو ناکۆکییەک و لادانێک لە شارێی ئەو بەرژەوەندییە، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاژاوە لە کوردستاندا، کە ئەمجارە بەزیانی پشتشکێنی ئەوان تەواو دەبێ. ئەوجا بە چارەڕەشیی خەڵکی کوردستان و، کوردیش باشیان گوتووە "ئەگەر کەسە، ئەلفێک بەسە". هەموو ڕێککەوتنێک لەگەڵ شیعەکان، دەبێ ڕەزامەندیی گەلی کوردی لەسەر بێ.

دوا وشەشم ئەوەیە کە نابێ نەسیر کوڕی خودێلێخۆشبوو کامیل چادرچی بخرێتە پشتگوێ. ئەگەر هیچ کوردێک نەسیر نەناسێ، مام جەلال زۆر باش دەیناسێ و دەزانێ کاتێک لە زانستگەی بەغدا خوێندکار بووین، نەسیر چۆن پشتی کوردی دەگرت و، هاوڕێی زانستگە و دوکانەکەی بەشیر موشیر (ئوستاد) مان بوو. ■

## وتەیەکی پێویست!

سوپاس و ڕێزمان پێشکێشی نووسەر و نیشتمانپەروەری دڵسۆزی گەلەکەمان، ڕێزدار کاک کوردان کەریم دەکەین، بۆ یارمەتیدانی گەورە و بەجێی بە دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە.

هیوادارین هەردەم شاد و تەندروست بیت و هەر بژیت بۆ خزمەتی زیاتر بە بیری ڕەسەنی کوردی و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

لەلایەن دەستەی نووسەرانی "کۆنگرە" وە
برای بچووک و هاوبیرتان:
سیروان کاوسی
١٠/٥/٢٠٠٥

**بژی ئازادی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**